


Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر
ت: ٢٢٣٠٢٧٣ ـ ٢٢٦١٥٩٧

- کتێب : چەند بابەتێکی رۆژنامەوانیی
- زنجیرەی کتێب : (١٨٧)
- نووسەر : محەمەد سەعید کوردە
- چاپ : یەکەم
- ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان : (٥٥٧) ساڵی ٢٠٠٤
- هونەرکاری بەرگ و ناوەرۆک: جەلیل محەمەد
- سەرپەرشتی چاپ : محەمەد سەعید
- چاپ : بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی رۆشنبیری/ هەولێر
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە
- نرخ : ١٠٠٠ دینار

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

پەیڤێک

چەند بابەتێکی رۆژنامەوانی ، نۆبەرە کتێبی برای رۆژنامەنووسی لاو (محەمەد سەعید کوردە)یە باسەکان بابەتی کاری رۆژانەی رۆژنامەو رۆژنامەنووسین و لە دوای راپەڕینە مەزنەکەی ئاداری ١٩٩١وە و لە پاش لەدایک بوون و بەرهەڵدانی دەیان و بگرە سەدان ناونیشانی تازەی رۆژنامەو گۆڤارەو لە پاش پێگەیشتنی دەیان رۆژنامەنووسیی تازە بابەت و ناوەڕۆکی کتێبەکە زادەی ئەو پرۆسە دەسەلاتدارەن.

نووسەری کتێبەکە، یەکێکە لە رۆژنامەنووسە کارایەی کە بە شەوق و عیشقەوە مامەڵە لەگەڵ پیشەکەی دەکات، لە چاو هاوکوفانی خۆی قەڵەمێکی بەبرشت و ماندوو نەناسەو سەردتا لە رۆژنامەی برایەتی لە سالآنی (١٩٩٣- ١٩٩٤) ناسیم وەک گەنجێکی عاشق بەوشەو پیشەی رۆژنامەنووسی هاتە پێش..

هەر بە هەمان گوڕتینەوە لە دوای دامەزارندنی کابینەی سێیەم و دەرچوونەودی رۆژنامەی (هەرێمی کوردستان)ی زمان حاڵی حکومەتی هەرێم، نووسەری کتێب هاتەود مەیدان و بوود

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

نووسەرو پەیامنێری ئەو رۆژنامەیەو بەڵێزانی و شارەزاییەوە لە بەشی ڕیپـــۆرتاژو دارشـــتنی هەواڵ ئەرک و پەیامی رۆژنامەنووسیی رادەپەڕاند و ئێستاش هەر لەو بوارەدا و لە گۆڤاری (هەرێم) رۆژنامەنووسەو لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکەش، بابەتی هەمە جۆری رۆژنامەنوسیی بڵاوەدەکاتەوە.

بەگشتی ئەو کتێبە (چەند بابەتێکی رۆژنامەوانیی) خۆی لە قەرەی سێ بابەت دەدات.

١ ـ بابەتی رۆژنامە.

٢ـ رۆژنامەنووس و پیشەکەی.

٣ـ چەند لایەنێکی هونەری رۆژنامەگەری.

خۆ ئەگەر هەندێ لەو بابەتانە سەرە قەڵەمیش بن ، بۆ تەمەن و ئەزموونی نووسینی نووسەرەکەی کارێکی چاکە.. چونکە وێڕای پەیبردن بەو جیهانە جەنجاڵە پڕ سەر ئێشە شارستانییە کاریگەرە، مانای وشیاری و بەئاگایی نووسەرەکە دەگەینێت..

مانای مامەڵەکردنی زیرەک و و ژیرانەی لەگەڵ پەیڤ و بابەتی رۆژنامەیی دەگەیەنێت و لەو سەرەتایەوە چاوەڕێی کاری دیکەو بەرهەم و کتێبی دیکە لە برای نووسەرمان دەکەین.

محەمەد خدر مەولود

٢٠٠٠/١٢/١٢

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library